# تاوان سةختة، تاوان باري طرانة باركردني لة ئةستؤدا هةرزانة... خالَة حةمة

ئەگەرچی کچان و کوڕانی ئەمڕۆ وا بەئاسانی کڵاویان ناچێتەسەر و خۆیان دۆست و دوژمن و داگیرکەرو نیشتمانفرۆش و جاش و خۆفرۆش و سیخوڕو فایلڕەش و میکرۆب و ڤایرۆسە پیس و هاروهاجەکانی ناو کۆمەڵگاکەی کورد دەناسنەوەو پێویستیان بەکەس نیە ڕێنماییان بکات....
بەڵام من بۆمێژوو ئەوان دەکەم بەشادەیەك کەئەوتاوانانەی ئەمڕۆ دەخرێتە گەردنی ئێمەی دوور لە دەستەڵاتی خوێنڕشتن و براکوژی وملکەچکردن و ماستاو ساردکردنەوەو بەڵێ قوربان، لەملی ئەوکەسانەدایە کەئەمڕۆ لەژێر چەتری دیموکراتیدا نایانەوێ کوردستان ئازاد و سەربەخۆبێت و بانگەشەی دروستکردنەوەی عێراقێکی خوێناویتردەکەن، تاوانەکانی خۆیان حەشارئەدەن ودەستە چەورەکانی خۆیان بەسەری ئێمەدائەسون، ئەیانەوێ لاپەڕەکانی مێژویی پیس و بۆگەنی خۆیان بەچەند پەیڤێك پاکبکەنەوە کەلەشەرمەزاری بەولاوە شتێکیتری پێدەسکەنە ناکەن..
من لامشەرم کە وەرامی هەندێ نوسراو بدەمەوە، وەناشمەوێ لەڕادەی کوردایەتی خۆم دابەزێنم و شان لەشانی شان ئارداوییەك بسووم لەبەرئەوە بەهەموو توانایەکمەوە هاوارئەکەم وئەڵێم:-
کوردستان پێش ئەوەی نیشتمانی خۆفرۆشێکی کوردبێت، پێش ئەوەی مۆڵگای سیخوڕو قسەدزو قوتابیەکانی ڕژێمی (بەعس) بێت، پێش ئەوەی (عەرەب و فارس و تورك) ببنە برابەشم کوردستان نیشتمانی باوباپیری ئێمەبووە ئەمڕۆش کوردستان نیشتمانی کاکی پێشمەرگەونەوەی پێشمەرگە ومنی کوردپەرست و هاوسەنگەریەتی، جاکێ ئەتوانێ پێشمەرگە لەکوردستان دەربکات ئەوکەسە ئەوسا ئەتوانێ ئەو شەکرە بشکێنێ کە کوردێکی دەستپاکی کورد پەروەر لە کوردستان دەربکات.
ئەگەر لەسەردەنگدانیش ئەوفەرمایشەیان فەرمووە نەترسن جێگەی ئەوان پارێزراوەو کەس بۆی نییە لەجێگەکەیانا دابنیشێ و لە ئەوانیش دڵسۆزترو عێراقیچیتریان دەست ناکەوێت..
ئەوسەرینەش بخەنەژێرسەریانەوە نەتەوەیەك بەرگەی سەدان ساڵ شۆڕشی گرتبێت و هەموو جۆرەچەکێکی لەسەردا تاقیکرابێتەوە ئەشتوانێت ئەمڕۆژگارانەش بەڕێ بکات و سبەینێش پێ بنێت بە کەللەسەری داگیرکارو خۆفرۆشاندا.......

خاڵەحەمە/دانمارك/ڤالبی/2005/1/23

تێبینی/ سەردێڕی ئەمنوسراوە کۆپلەیەکە لە شیعری خوالێخۆشبوو (حەمەسالح دیلان) لە ساڵی/1961 ووتویەتی.. نەمری بۆ گیانی...